# پەروەردە یادی ئەنفالی بەشایی لۆغان کردەوە

ماموٚستایەك

دەمەوێ سەرنجی هەموو سەرکردەو بەرپرسەکانی کوردستانو لەپێشیانیشەوە وەزەراتی پەروەردەو دامودەزگاکانی بۆ ئەوە رابکێشم کە هەفتەی داهاتوو لە4/24دا " نەوەدەمین ساڵیادی کۆمەڵکوژی ئەرمەنییەکانە لە سەردەستی تورکە عوسمانییەکان. با لەم بۆنەیەدا تاوێك لەشاشەی تەلەفزیۆنەکان رابمێنن کە چۆن لەم یادەیاندا دوای 90 ساڵ رەشپۆشیو ماتەم سەرتاسەری ئەرمینیا دادەگرێت، بەدەگمەن ئەرمەنییەك شك دەبەیت کە لەم رۆژەدا بۆ بەرز راگرتنو رێزلێنان لەگیانی قوربانییەکانیان ماتو دڵگران نەبێتو لەناخیشەوە پێیانوایە کە پیرۆزکردنی ئەو یادەوەرییە بەشێکە لەدەستگرتنو پاراستنی شوناسی نەتەوەییان.

رەنگە هیچ شتێك هێندەی ئەوە ترسناك نەبێت بۆ هەر نەتەوەیەك لەدنیادا کە یادەوەریی مێژوویی دووچاری فەراموٚشی بێتو کارەساتو تراژیدیا مێژووییەکانی لەبیرچێتەوە، هەیینی رابردوو کە یادەوەری تێپەڕبوونی 18 ساڵ بوو بەسەر پرۆسە بەدناوەکەی ئەنفالدا دەرکەوت کە کورد چەند بێباکە بەرامبەر بەتراژیدییا دڵتەزێنەکانی خۆی، مەترسی ئەم بێباکییەش لەوەدایە کە ناوەندێکی گرنگی وەك پەروەردە تا ئەو رادەیە بێبایەخ بێت کە لەو رۆژەدا لەزۆربەی خوێندنگا ناوەندیو ئامادەییەکانی شارو شارۆچکەکانی سنووری پارێزگای سلێمانییدا خوێندکارو قوتابییەکان کۆبکاتەوەو لە 4\14 دا سەفرەی سیاحییان پێبکاتو بیانبات بۆ شایی لۆغانو هەڵپەڕکێ.

لەکوێی دنیا ناوەندێك دەبینی وەك ئەم ناوەندی پەروەردەیەی ئێمە ئاست نزمو شەقو شڕ بێت، کارەساتەکە لەوەدایە کە بەڕێوەبەرانی پەروەردە کە ئەوەندە ئاستی هوشیارییان لاوازە هەست بەگەورەیی یادی کارەساتێکی وەك ئەنفال ناکەنو لەبری ئەوەی ماتەمی بۆ بگێڕن لەو رۆژەدا شاییو هەڵپەڕکێ بۆ خوێندکارەکانیان ساز دەکەن. زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین کاری سەرەکی لەکۆی دامەزراوەی پەروەردەدا بووەتە تێپەڕاندنو بەڕێکردنی دەوامی رۆژانەو بۆ بۆنەیەکی ئاوەها گرنگ کە یادی بەسوتماك بوونی جەستەو قەوارەی بەشێکی گەورەی میللەتی کوردە هیچ پەیامو بەرنامەیەکی نییەو تەنانەت ماموٚستاکانیش ڕاناسپێرێت کە لە ساڵیادی ئەم بۆنەیەدا هەر هیچ نەبێت وانەیەكو چەند چالاکییەك بۆ ئەو خوێندکارانە تەرخان بکەن کە بەچاوی خۆیان ئەنفالیان نەدیوەو سبەینێش دەبنە رۆڵەی دوارۆژو دەمڕاستی ئەم گەلە.

لەوەزارەتی پەروەردەش خەمساردتر لە کارەساتی ئەنفال ئەو یەکێتی ماموٚستایانەیە کە لەهەموو کاتو ساتێکدا نیشتمانپەروەریو کوردایەتی بەتوێژی ماموٚستایان دەفرۆشێتو تەنانەت شەرعیەتی کارکردنیش بۆ دامەزراندنی لەشاخو سەردەمی شۆڕشدا دەگێڕێتەوە کەچی هیچ بەخەمی گەورەترین کارەساتی تراژیدیی نەتەوەکەی نییەو نەماندی لەم بۆنەیەدا چالاکییەکی سەرانسەریو گشتگیری ئەوتۆی هەبێت کە لەئاست گەورەیی ئەم کارەساتەدا بێت.

نازانم بەرپرسانی پەروەردە بیریان چووە یان نایانەوێت بیزانن کە بەشێك لەخوێندکارەکانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان پاشماوەی ئەنفالنو تا ئێستاش هەیانە بەدروستی نازانێت بۆچیو لەبەرچی ئەو کارەساتو کۆست کەوتنە گەورەیەی بەسەردا هاتووە. سەیر ئەوەیە کە سەفرەو گەشتەکانی بەهار بەلای پەروەردەوە لەیادو یادەوەری گرنگترە چونکە نەك ئەو یادی ئەنفالی نەکردەوە بەڵکە بە هەڵپەڕکێو ئاهەنگیش کوشتی.